محەمەد وەسمان

# لەبارەی ئاکاری راگەیاندن



هەولێر -٢٠١١

**ناوی کتێب: لەبارەی ئاکاری ڕاگەیاندن**

**ناوی نووسەر:محەمەد وەسمان**

**تیراژ:١٠٠٠ دانە**

**چاپخانە:**

**ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(   ) ی ساڵی(٢٠١٣)ی پێدراوە.**

# لەبارەی ئاکاری راگەیاندن




لەبارەی ئاکاری راگەیاندن

## لەبارەی ئاکاری راگەیاندن

ئاکار یا ئێتیك (Ethics) ی راگەیاندن، ئەم کۆمەڵە بەهایەن ئەرکی پیشەیی و رەفتارەکانی پێویستە راگەیێنکاران لە پیشەکەیاندا پابەندبن پێیانەوە دەگەیەنێت. لەرووی زمانەوە، وشەی ئێتیك (Ethics) لەوشەی گریکی (Ethos) وەرگیراوە کە واتای کەسایەتی کاراکتەر (Character) دەگەیەنێت، واتە مرۆڤ دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی باشی هەبێت. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئەم چەمکە لەساڵی ١٨٨٩ بۆ یەکەمجار بەکارهاتووە، بەگشتی ئاکار یا ئێتیك (Ethics)ی راگەیاندن، لەسەر بنچینەیەك رۆنراوە، بەدەیان پەیماننامە و بڕیارنامە و بنەمای کاری رۆژنامەنووسی لەخۆ دەگرێت، کە ئامانجیان بنیاتنانی پەیوەندی و متمانە و رێزە لەگەڵ خەڵك کە چاوێك بە پۆلینی جوگرافی پەیماننامەکانی شکۆمەندیی کاری راگەیاندن دا بگێڕین، بەمجۆرەن: (٥) پەیماننامەی نێودەوڵەتی، (٧) پەیماننامەی ئەمریکا و کەندا، (١) پەیماننامەی ئەمریکای خوارووی، بیست پەیماننامەی دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژئاوا،(١) پەیماننامەی تورکیا، (٩) پەیماننامە لە دەوڵەتانی ئەفریقی، (٨) پەیماننامە لە دەوڵەتانی ئاسیا، (٤) پەیماننامەی عەرەبی، (١) پەیماننامەی ئوسترالیا.

زۆربەیان لەنێوان ١٩٠٠-٢٠٠٠ دەرچوون، بەگشتی بایەخیان بە بەرپرسیارییەتی مرۆیی ئامرازەکانی راگەیاندن داوە، بەرپرسیاریەتی

بەرانبەر کۆمەڵگا، بەرانبەر تاکەکان، بەرانبەر سەرچاوەکانی زانیاری، مافی رۆژنامەنووسان، ریکلام، دەستپاکی رۆژنامەنووسان...هتد.

لەچاخی ئەمڕۆماندا، کە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی ئایتی لە لووتکەدایە، بوارێك هەیە، تاڕادەیەك فەرامۆشکراوە، یا وەك پێویست توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارە نەکراوە، ئەویش ئاکاری راگەیاندنە، بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانیەوە بەزانستە مرۆییەکانی دیکەوە بەڵگە نەویستە کەوا شۆڕشی نوێی زانیاری توانستی مرۆڤ بۆ دەستخستنی زانیاری پەرەپێدەدات ئاسان دەکات، لەپێڕاگەیشتن و داکردن و گێڕانەوەدا، ئامرازێکە بۆ ئەمەی مرۆڤ زیاتر بزانێت و توانایی ژیانی زێدەتر بێت و هەنگاو بەرەو بەختەوەری بنێت، لەم نێوەندەدا راگەینکاران رۆڵیان دەردەستکردنی زانیارییە...و ئاسانکردنی شێوازەکانی دەردەستکردنی زانیارییە بۆ خەڵك. بەمجۆرە ژینگەیەکی نوێ دروست دەبێت بۆ ئاکاری راگەینکاری کە رۆژنامەنووس ناچارنابێت بەدوای شێوازی —لاڕۆ- وروژاندن بەکاربێنێت، یا خراپ رێساکانی ئاکاری رۆژنامەنووسی بەکاربێنێت بۆ راکێشکردنی جەماوەری زۆر، بەهەر شێوازێك بێت. لەهەمانکات شۆڕشی زانیاری کۆنتڕۆڵکردنی نەبێتە ئامرازێك بۆ کۆنتڕۆڵکردنی خەڵك لەلایەن مۆنۆپۆلەکانی زانیاری و دابەشکردن، بەپێچەوانەوە پێویستە فرەجۆری هزری مرۆیی پەرەی پێبدرێت و رێبەرێکی بەهاکان دابندرێت کەپردی پەیوەندی لەنێوان دەوڵەت و گەل و تاکەکان دروست دەکات.

بەتایبەتی بواری راگەیاندن، لەپێشترە لە بوارەکانی دیکە بۆ رۆنانی ئەم رێبەرەی بەهاکان کەوەڵامگۆی گۆڕان و پەرەسەندنی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گەیاندن بێت، کەتیایدا گرنگی و بایەخی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی وڵاتان دووپات کرێتەوە.

تەنگژەی راستگۆبوون

بایەخدان بە ئاکاری راگەیاندن لە حەفتاوهەشتاکانی سەدەی رابردوو لە ئاکامی کەمبوونی راستگۆیی ئامرازەکانی راگەیاندن هاتە ئاراوە، بووە هۆی کەمبوونی بایەخدان و رێزی خەڵك بۆ رۆژنامەنووس وکاری رۆژنامەنووسی و کەمبوونی خوێنەران، ئەویش کاری کردە سەرکاری رۆژنامەنووسی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەزگا راگەیاندنییەکان.

لەم ماوەی ناوبراودا خەڵك هەبوو لەو باوەڕەدا بوو رۆژنامەنووسان تەکتیکی نا ئاکاری و نایاسایی بەکاردێنن بۆ دەستخستنی زانیاری و پێشکاریی رۆژنامەنووس، یا هزر و بیرۆکەی خەڵك دەدزن، یا چیرۆك هەڵدەبەستن...هتد.

کە چەندان ئاکامی لێکەوتەوە:

١- خەڵك ناڕازی بوون لە پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندیی تاکە کەسی لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە.

٢- دەزگاکانی راگەیاندن هەستیان بەراوهەست و گلەیی خەڵك نەدەکرد.

٣- خەڵك وای هەست دەکرد رۆژنامەنووسان بەشێکن لە چینی دەستەبژێری

دەسەڵاتدار.
لە ئاكامی ئەم داگەڕانە، تاكە راستەڕێی رزگاربوون لەم تەنگژەیە دەرچواندنی پەیماننامەی ئاكاریی پیشەزانی بوو كە لە نەوەدەكان بوو بەڕێگا چارەی باو لەم بوارەدا.
پەیماننامەكیش، رێبەری كاری راگەیاندن بوون، هەرچەندە مەترسی ئەوە هاتە ئاراوە كەوا لەلایەن پارێزەران و دادوەران وا بەكاربێت كە سنووری دیاركراون نابێ راگەینكاران لێی رەت بن و ئازادی راگەینكاری بێ سنووردار بكەن.
هەر ئەم ترسە وایكرد ئەنجومەنی رۆژنامەنووسی بەریتانی دەرچواندنی پەیماننامەی شكۆمەندی كاری رۆژنامەنووسی دەرنەكات هەر لە ١٩٥٣ تا ١٩٩٢ -ل ٣٦ (اخلاقیات الاعلام) تەنیا راگەیاندنی بنەماكانی ئاكاری رۆژنامەنووس دەربكات، لە دواكایە و لە ترسی ئەوەی نەوەك یاسای وا دەربچێت ئازادی رۆژنامەنووسی سنوودار بكات بایەخ بەدەرچوواندنی پەیماننامەی ئاكاری درا، واتە لەو قۆناغیدا پەیماننامە دەركردن بۆ پاراستنی ئازادی راگەیاندن بوو. وەك ئەوەی لە میسر لە ساڵی ١٩٩٨ پەیماننامەی شكۆمەندیی كاری رۆژنامەنووسی دەرچوو، دژی ئەم یاسایە دەرچوو بۆ سنوودارکردنی ئازادی رۆژنامەنووسی، بێگومان هەموو كۆمەلگەیەك پێویستی بە ئامرازەكانی راگەیاندنی هەیە(رۆژنامەی چاپكراو رادیۆ و تەلەفزیۆن) كەواتە پێویستە ژینگەی دروستی بۆ دابین بكرێت بۆ ژیان و گەشەسەندن.

ئامانجی ئەم پەیماننامانەیە، وەك ئامرازێکی پەیوەندی گشتی ئامرازەکانی راگاندن، واتە پێکهێنانی وێنەیەکی باش کاری راگەیاندن لای خەڵك و زێدەکردنی راستگۆیی ئەم ئامرازانە و وا پێشاندان کەوا ئەم دام و دەزگایانە بەپێی بنەمای ئاکاری بەڕێوە دەچن کە ئامانجی هێنانەدی بەرژەوەندی کۆمەلگەیە.

## رێبەری بنەما پیشەییەکانی رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لە کوردستاندا

بۆ هێنانەدی ئاستێکی بەرزی رەفتاری پیشەیی رۆژنامەنووسی و راگەیاندن، لەسەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانی، بەلەبەرچاوگرتنی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو و پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان و رێبەری پیشەیی میدیاکاران لەسەر ئاستی جیهان. بە پشتبەستن بە باوەڕی تەواومان بە رۆڵ و کاریگەری میدیا لەم قۆناخە ناسکەدا، کە پێشکەوتنی خێرای ئامرازەکانی گەیاندن دەستەبەری کردووە بۆ گەڕان و راگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنیان و بڵاوکردنەوەیان و بۆتە پێشەنگی گۆڕانکاری لەسەرتاسەری جیهان و خاوەن پەیامێکی کاریگەرە لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی رۆژنامەنووسان و راگەیێنکاران یەك خێزانی پیشەیین و سەربەرزییان لە پەیوەستبوونیانە بەهیواو خواست و داواو بەرژەوەندییەکانی خەڵك و پشتگیری لە راستی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. رۆژنامەنووس و راگەیێنکارانی کوردستان ئەم رێبەرە رادەگەیەنن، کە هەڵوێستی راستەقینەیان دەردەبڕێت لە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، لە ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەری و پەیڕەوی دیموکراسی، لە هەمانکات بەرگری کردنە لە مافی رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاران لە ئازادیی بەرپرسیارانە، بێ کۆت و بەندو

فشار، ئەرك و كارەكەيان بكەن، بە رەچاوكردنی ویژدانی پیشەییان و دەسەڵاتی یاسای دادپەروەرانەو دادوەریی بێلایەنانە. هاوكات بە دانان بە مافی خوێنەرو بینەرو بیسەر، لە كارێكی بابەتیانە، دەسپاكی و راستگۆیی و فرە بۆچوونی تیادا رەنگ بداتەوە، مافی هاووڵاتی دابین بكات لە وەڵامدانەوەی ئەوەی لەمەڕ ژیانی ئەو بڵاودەكرێتەوە. هاوكات میدیاكاری بەكارنەهێندرێت بۆ ناو زڕاندن و تانەو تەشەرو درۆ هەڵبەستن و زیان گەیاندن بە ماف و ئازادییەكانی تاكەكەسان. ئێمەی رۆژنامەنووس و مێدیاكارانی كوردستان پابەندبوونی خۆمان رادەگەیەنین بەم رێبەرەی رەفتاری پیشەیی میدیاكاران و بەڵێن دەدەین رێزی لێبگرین و جێبەجێ بكەین.

یەكەم: بنەما گشتییەكان:

بەندی یەكەم: بەرپرسیارییەتی:

رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لەسەر دوو ماف دامەزراوە، مافی ئازادی دەربڕین و ئازادی زانین (ئاگاداربوون). واتە پەیوەستە بە چالاكییەكانی پەیوەندار بە زانیاری و رۆشنبیری و پەروەردە، بەلەبەرچاوگرتنی بەها ئایینی و ئاكاری و بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی. ئامانج لە كۆكردنەوەو بڵاوكردنەوەی هەواڵ و بۆچوون (را) خزمەتكردنی بەختەوەری خەڵكە، لە

ڕێگەی دابینکردنی زانین و توانابوونی خەڵك لە ئازادانە بڕیاردان سەبارەت کێشە هاودەمییەکان و سەکۆیەك بێت بۆ وتووێژو سەنگێك پەیدا بکات لە کۆمەڵگەدا.

بەندی دووەم: ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و میدیاکاری: ئازادی دەربڕین مەرجی بنچینەیی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنی سەرکەوتووە. وەك دەسکەوتێکی شارستانی بەری و خەباتی درێژخایەنی مرۆڤایەتییە.

پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیێنکاری بەرگری لێبکرێت دژی هەر پێشێلکارییەك لەهەر لایەنێکەوە بێت، گشتی یا تایبەتی.. بەندی سێیەم: سەبارەت جیاکارییەکان :

ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیێنکاری دژی بنچینەکانی جیاکاری ڕەگەزی و نژادی و دەمارگیری هەموو شێوەکانی دیکەی جیاکارییە کە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

دووەم: ماف و پابەندییەکان بەندی یەکەم: ڕاستگۆیی و وردی:

ڕۆژنامەنووسان و مێدیاکاران پابەند دەبن بە ڕاستگۆیی و وردیی و هەمەلایەنی و دادپەروەرانەبوون لە داڕشتن و گەیاندنین پەیامەکانیان، دوور لە دنەدانی خەڵك بۆ توندوتیژی و تانەلێدان و ناو زڕاندن..هتد. وتارو شیکردنەوەو بەدواداچوونەکان و لەبارە نووسییەکان پابەندبن بە بنەماکانی پیشەیی بوون و بەرچاوو دیاربن خوێنەر سنووری هەواڵ و ڕا

بەچاکی بزانێت و هەر هەڵەیەك پێویستە راستەوخۆو دادپەروەرانە راستکرێتەوە. بەندی دووەم: بایەخدان بە زمان:
پاراستنی بنچینەکانی زمانی کوردی و دروست بەکارهێنانی پەرەدان بە بەکارهێنانی زاراوە (مصگلح) نوێکان و جێگیربوونیان. لەهەمانکات لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی زمانەکانی دیکە. بەندی سێیەم: پشتگیری کاری سەندیکای و مانەوەی بۆ خزمەتی پەیامی رۆژنامەنووسی و بەرەوپێشبردن.
بەندی چوارەم: پاراستنی شکۆداریی پیشەیی:
هیچ کارو رەفتارێك نەکرێت، زیان بە شکۆداری پیشەیی و رۆژنامەنووسی و میدیاکاران بگەیەنێت و هەستیان بریندداربکات. یا پیشەکەیان بۆ بەرژەوەندی کەس بەکاربێنن.

بەندی پێنجەم: رێزگرتن لە مافی خاوەنداریەتی هزری لەکاتی لێوەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری.
بەندی شەشەم: رۆژنامەنووسی و مێدیاکاران مافی ئامادەبوونیان هەیە لە کۆبوونەوە گشتییەکان و لایەنی پەیوەندار دەبێت ئاسانکارییان بۆ بکات.
بەندی حەوتەم: نهێنی سەرچاوەکانی هەواڵ پاراستن: رۆژنامەنووسی و میدیاکاران پابەند بن بە پەنا نەبردنە بەر شێوازی نارەوا نایاسایی بۆ دەسکەوتنی هەواڵ و وێنەو بەڵگەنامەو مژاری میدیایی. سەرچاوەکانی

هەواڵەکانیان. - گەر داوایان لێکرا لەلایەن ئەم سەرچاوانەوە- بەنهێنی بپارێزن بەپێی یاسا پەیڕەو کراوەکان. و ئەو بەڵێنانەی میدیاکاران دەیدەن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری پابەندبن پێیانەوەو دەسپاکانە بیانپارێزن. لەبەرئەوەی دڵنیایی و ڕێز لەنێوان مێدیاکاران و خەڵك بنچینەی مانەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسییە.

بەندی هەشتەم: بەرگریکردن لە دۆزی

ئازادی و پڕۆسەی دیموکراسی: بەرگریکردن لە ئازادییەکان و پتەوکردنی پڕۆسەی دیموکراسی و پشتگیریکردنی مافی هاوولاتی لە هاوبەشیکردن لەکاروباری ولات و کێشە هەنووکەییەکان، کە بنچینەی هێزو پەرەسەندنی کۆمەڵگەیە.

بەندی نۆیەم: ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیێنکاران مافی دەستخستنی هەواڵ و زانیارییان هەیە لەسەرچاوەکانیانەوەو مافی وەرگرتنەوەی وەلامیان هەیە لەوەی دەیپرسێت و داوادەکات لە زانیاری و ئامارو هەواڵ و مافی ئاگاداربوون لە بەڵگەنامەکان.

بەندی دەیەم: ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیێنکاران بەهۆی بۆچوونەکانیان دووچاری هەڕەشەو مەترسی نەیەن، یا ناچار بکرێن سەرچاوەی هەواڵەکانیان ئاشکرا بکەن و دژی ویژدانی پیشەییان و ویست و خواستیان شت بلاوبکەنەوە.

سێیەم: ڕێکاری جێبەجێکردن:
بەندی یەکەم: ئەرکی حکوومەت و دامەزراوەکانی: حکوومەت ئازادی بیرو بۆچوون و رەفتاری پیشەیی میدیاکاران بپارێزێت، ئاسانکارییان بۆ بکات و لایەنە پەیوەندارەکان لە گرنگی و بایەخی کاری رۆژنامەنووسی و مێدیاکاری ئاگاداربکاتەوە.
بەندی دووەم: ئەم رێبەرەی ئاکاری رەفتاری پیشەیی رۆژنامەنووسان و راگەیێنکارانی بەدەستووری کار کارنامەو پلانی کار دادەندرێت لەبەر ئەم هۆیە: ١- هەر سەرپێچییەك، بە پێشێلکاری ئەرکی رۆژنامەنووسی و مێدیاکاری دادەندرێت و بەپێی رێنوێنییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان رێکاری پێویستی بەرانبەر دەکرێت.

٢- رێکارەکان: ١- وریاکردنەوە ٢- تاوانانە(غەرامە)
٣- رێگرتن لەکاری رۆژنامەنووسی وراگەیێنکاری بۆ ماوەی (٦) مانگ. ٤- سڕینەوەی ناوی لە لیستی ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسان و میدیاکاران. ٣- ئەم رێبەرەی ئاکاریکاری مێدیاکاری دەخرێتە بەردەستی ئەندامانی کاراو نوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسان.

**سەرچاوەكان:**

**بۆنووسینەوەی ئەم رێبەرە سوود لەزۆر رێبەری پیشەیی دەوڵەتانی دیكە وەرگیراوە، سەرباری كتێبی:**

**(اخلاقيات الصحافه)ی د.سليمان سالْح، (- د. سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، گ١، مكتبه الفلاح- الكويت، ٢٠٠٢م.**

سەرچاوە:

- د. سليمان صالح، اخلاقيات الاعلام، گ١، مكتبە الفلاح- الكويت، ٢٠٠٢م، ل١-
٥٠..




**ئاكارى راگەیاندن**

## ئاكاری ڕاگەیاندن چییە Mass media ethics

دۆزینەوەو دانانی پێناسەیەکی چڕو پڕ بۆ ئێتیك هەندە ئاسان و بەردەست و ئامادە نییە! بەڵام بەگشتی ئاکار پەیوەستە بە دروست و چاکەو باشی، کەواتە ڕەفتاری ڕێك لەگەڵ دروستی و چاکە واتە ئاکار. کەواتە کۆمەڵە بەهایەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەهایانە بڕیاری دروستی یا هەڵەبوونی شتێك دەدەیت.
کەواتە ئاکار پەیوەستە بە بەهاکان و بەهاکان پەیوەستن بە کۆمەڵگەو تاکە کەس و بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەو تاکە کەس دەگۆڕێت و پەرەدەسێنن..
بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن بەگشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدایە کەواتە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان ئاکار و ڕاگەیاندندا هەیە.
ڕاگەیێنکاران پێویستیان بە بەهاکان هەیە بۆ ئەوەی متمانەی خەڵك بەدەستبێنن و ڕەوایی کارەکانیان پێشان بدەن.
کەواتە ئاکاری ڕاگەیاندن پەیوەستە بە ئاکارزانیی پراکتیکی کە پەیوەستە بە بارودۆخی کارو چالاکییەکانی ڕاگەیاندن وەك ئەرك و وەك بازرگانی.
کەواتە ئاکار ڕاگەیاندن دەشێ وەك هەر زانستێکی دیکە پەرە بسەنێت و

پێشکەوێت.
وەك هەر زانستێکی دیکە خاوەن چەمك و زاراوەیی و تیۆری تایبەت بەخۆی بێت، بەمجۆرە راگەیێنکاران ئاسانتر دەتوانن تێی بگەن و باشتر پراکتیزەی بکەن لە ژووری بنووسیاری لە میدیاکاندا.
کەواتە لایەنێك لە کاری ئەم زانستە دەبێتە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی رێگاچارەی پراکتیکی بۆ گیروگرفتەکانی راگەیاندن و چۆنیەتی بڕیاردان بەشێوەیەك رەوایەتی هەبێت لای خەڵك و کۆمەڵگەدا.
واتە بایەخدان بەو بنەمایانەی کاری راگەیاندن ئاراستە دەکات و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی، و راگەیێنکاران رابهێندرێن بە ئەنجامدانی.
بەهۆی ئەوەی بنەماکانی کاری راگەیاندن دەشێ لەکاری راگەیاندندا جێبەجێ بکرێت، بەرهەمی قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویی و بارودۆخی کۆمەلایەتی کۆمەلگەیەکی دیاریکراون، کەواتە بۆ هەموو کۆمەلگەیەك راست دەرناچن یا دروست نین بۆ هەموو رۆژگارێك. (کریستیز) ئاماژە بەم بۆچوونە دەکات: لایەنی کاریگەری چاخی رۆشنگەری (رێنیسانی) بەسەر ئاکارزانیی گشتی Common moral، کە لە ئەورووپاو ئەمەریکا باو بوو بە وەلاتانی هەموو دەستەلاتێك بەسەر هۆشی مرۆڤ. لە بوارەکانی زانست، رامیاری پێشکەوتنی گەورەی بینی، بەلام ئێستا پەردە بەسەر ئەم ٣٠٠ ساڵە لە نوێگەرییەی رۆشنگەریدا دەدرێت..
نەسازییەکانی بەرچاون، پڕۆژەی نوێگەری ئەم قۆناخە شکستی هێنا، بنەما

ئاكارييەكان لە دەرەوەی ئەو كۆمەڵگەیەی بەرهەمی هێناوە، بەرهەمی نابێت، كەواتە ئاكارزانینی گشتگری رۆشنبیری تاكە پڕۆژەی سەردەمە.

كەواتە وەك (وایت) دەڵێت: پێویستە لكێكی زانستی نوێ دەركەوێت بەناوی سۆسیۆلۆژیای ئاكارزانینی راگەیاندن، لە رێگەوەیە بتوانین شكارییەكی رەخنەگرانە بۆ هاندەرو كاریگەرییە ئایدیۆلۆژی و مەرجە سیاسیی و كۆمەڵایەتییەكانی ئاكاری راگەیاندن پێكدێنن بەرهەم بێنین. (ل١٦/ اخلاقیات).



پەیوەندی ئاکار و یاسا

هەموو یاساکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی لە هەموو جیهاندا هەندێ بنەمای ئاکاری تێدایە، وەك لە یاساکانی راگەیاندنی وڵاتانی عەرەبی بەرچاوە.

- بە کوردستانیشەوە، کەواتە پێویستە ئەو سنووورە دیار بکرێ کەوا تیایدا یاسا دەوەستێت و ئاکار دەسپێدەکات لە رێکخستنی پەیوەندی نێوان میدیاکان لەلایەك و کۆمەڵگەو خەڵك و تاکەکان لەلایەکی دیکە.

لێرەدا پێویستە رێسای یاسایی و رێسای ئاکاری لە یەك جیاکەینەوە هەر چەندە یاسا لە بەها کۆمەڵایەتییەکان

- لە ماوەیەکدا، هەڵدەقوڵێت، بەڵام رێسا یاساییەکان لەلایەن کۆمەڵگاوەو لە رێی ئەمەوە دەسەپێندرێت.

ئاکارزانی بەشێوەیەکی خۆییانە دیار دەکرێت و دەسەپێندرێت.

ئاکارزانی کۆمەڵێك بنەماو پێوەر دەداتە رۆژنامەنووس کە لە رێگەیانەوە بتوانێت بڕیار لەسەر کارێکی دیاریکراو بدات، ئایا دروستە یا نا، باشە یا خراپ، بەرپرسیارانەیە یا نا؟

زۆر کار هەن یاسایین یا رەوان، بەڵام نائاکاریین ئاکارزانی پەیوەستە بەلایەنی کەسی و یاسا بە کۆمەڵگە واتە ئەمیان کەسییەو ئەویان کۆمەڵگەیی. ئاکارییەکان کاری بەربژاریین واتە دەبێ رۆژنامەنووسی،

راگەیێنکار توانستی هەڵبژاردنی هەبێت.
ئەگەر رۆژنامەنووس کۆنترۆڵ و بڕیارو کارەکانی لە دەستخۆی نەبێت باسی ئاکار لە ئارادا نامێنێت.
کەواتە یاسا بڕیارن بۆ ژیان و رەوشت (رەفتار) لە رێگەی هێزێکی دەرەکی دەسەپێندرێتە سەرت و یاسا سزا بەکاردێنێت بۆ سەپاندنی رێساکانی، کەچی ئاکار بڕیارن بۆ ژیان و رەوشت، بەڵام خۆت بەسەر خۆتیان دەسەپێنیت یا پیشەکەت بەسەرتی دەسەپێنێت تا پێیەوە پابەند بیت.
رێنوێنی زۆرە بۆ ئەم رێسا ئاکاریانە، بەڵام سزا کەمە.
سەرچاوەکانی ئاکار
سەرچاوەی رێسا ئاکارییەکان زۆرن رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئایینی، بەڵام جێبەجێکردن و پابەندبوون بەم رێسایانە، لەوە سەرچاوە دەگرێت تا چەند مرۆڤ باوەڕی بەڕاستی و دروستیان هەیەو ئەم کەسە تا چەند لاگری ئەم رۆشنبیرییەیە کەوا ئەم رێسایانەی بەرهەم هێناوە..
و گەڕان بۆ دۆزینەوەی شێوازی تەواوکردنی ئەوەی یاسا نەیتوانیوە بیکات لە رێگای ئاکارەوە.
پوختەی لاپەڕەکانی (٧٥- ٤٦)ی ( اخلاقيات الاعلام)


INTRODUCTION TO MASS COMMUNICATION
MEDIA LITERACY AND CULTURE
FOURTH EDITION
HOLLYWOOD
STANLEY J. BARAN

پەیماننامەی ئاکاری تا چەند پێویستە؟

پەیماننامە ئاکارییەکان، نەوەك هەر دارشتنی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەیە، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەنووسان خۆیان و بۆ سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکانیان پێویستە.
پابەندبوونی ڕاگەیێنکاران بە پەیمانێکی ئاکاری دەشێ هاوکار بێت لە پێکهێنانی کەسایەتییەکی باش بۆیان، سەرەڕای ئەوەی وەك پیشەزانانی دیکە (پزیشك- یاسازانان) پێویستە ڕێنوێنیان هەبێت، یاریدەیان بدات بۆ بڕیاردانی دروست، لەزۆر لەم هەڵوێستانەی کار دەکەنە سەر ژیانی خەڵك و خۆشگوزەرانیان، ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە تێگەیشتنە لە هەڵوێستە ئاڵۆزەکانی بەردەمیان، ئاکامەکانی کارەکانیان، لەبەرئەوە پێویستیان بە بنەمای ئاکاری هەیە یارمەتیان بدات بۆ بڕیاردانی دروست، واتە بڕیارەکانیان پێویستە لە چوارچێوەی ئاکاردا بێت.
سەرباری ئەمەش پەیماننامەی ئاکاری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەهەر پیشەیەکدا
- لەبەرئەوەی هەست بە خۆییەکی پیشەیی لای ئەندامانی ئەم پیشەیە دروست دەکات، ئاماژە بە پێگەیشتنی پیشەکە دەکات، داننانی کۆمەڵایەتی

بۆ پیشەکە دابین دەکات و تایبەتمەندی بە پیشەکە دەدات.
- پەیماننامەی ئاکاری وا دەکات پیشەزانان خۆیان بناسن، کێن؟ پێویستە چی بکەن؟ بواری رەخنەو چاکسازی ناوەخۆیی دابین دەکات. بەکەسانی دیکە رادەگەیەنێت ئەم پیشەزانانە چین؟ ئامانج و بەهاو پێوەرەکان دیاری دەکات دەشێ کەسانی دیکە بەکاریان بێنن لە تێگەیشتنی ئەم کۆمەڵە پیشەییەو دیارکردنی ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت، چ تایبەتمەندی و ئەرك و مافیان هەیە؟
- پەیماننامەی ئاکاری دەشێ هاوکار بێت بۆ دابینکردنی هاوئەرکی نێوان رۆژنامەنووسان بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و مافەکانیان.
- چەمکی پیشەزانییێتی Professionalism دەشێ رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بە پەیماننامە ئاکارییەکان، لەبەرئەوەی پەیماننامەکانی ئاسایی هەندێ نموونە گەرایی Ideals تێدایە، رێزگرتن لەم نموونایەتییانەو بڕیارانەی لەوەوە سەرچاوە دەگرن، لە رێگەی هەستکردن بە لە ریزی پیشەکەدا بوون و پاراستنی دەسکەوت و شکۆمەندی لە هزرو بیری خەڵکدا پەرە دەسێنێت.
کەواتە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی هەیە لە نێوان پیشەزانییێتی و ئاکارەکانی راگەیاندن، دەرچوونی پەیماننامەی راگەیاندن هاندەرێکی گرنگە بۆ دانان بە پیشەی رۆژنامەنووسی.

پەیدابوونی پەیماننامە ئاکارییەکان:

زۆر لە مێژوونووسان وا دادەنێن یەکەم پەیماننامەی ئاکاری ئەم هاوبەندییە بووە کە لە ئاستانەی (کانساسی)ی ئەمەریکی بۆ بنووسیاران لە ٠١٩١ دامەزراوە.

ئەم رێکەوتە واتای وانییە چەمکی ئێتیکی ئاکار هەر لەم کاتەوە سەری هەڵداوە، لەبەرئەوەی زاراوەی ئاکار (Ethics) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٩٨٨١ لە وتارێکدا هات بەناونیشانی ئاکاری رۆژنامەنووسی.

ئەمە سەرەتای کەلەپووری نووسراوە لە بواری ئێتیکی رۆژنامەنووسی، کە دواتر لە پەیماننامەی کاری پەرەی سەند، بەڵام ماوەیەکی زۆر نەنووسرابۆوە وەك تا ئێستاش لە هەندێ دەوڵەتاندا نەنووسراوەتەوە.

کەواتە دیارکردنی ساڵی ٩٨٨١ وەك سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی ئێتیکی رۆژنامەنووسی یا ساڵی ٠١٩١ دانان بە سەرەتای دەرکەوتنی پەیماننامەی ئاکاری رۆژنامەنووسی، ئەم راستییە ناشارێتەوە کەوا رۆژنامەنووسان لە هەر دوو سەدەی هەژدەم و نۆزدەم کۆمەڵە بەهاو دابونەریت و ئێتیکیان هەبوو.

لەگەڵ ئەمەشدا سەدەی بیستەم پەرەسەندنی چەمکی ئێتیکی راگەیاندنی بەخۆوە بینی، پەیماننامەی ئاکاری راگەیاند لە ساڵی ٦١٩١ لە سوید پەیدابوو، لە ساڵی ٨١٩١ لە فەرەنسا، دواتر بیستەکانی سەدەی بیستەم ژمارەیەك پەیماننامەی ئاکاری بەخۆوە بینی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی


twitter
SIRIUS
flickr
You
OnStar
NETFLIX
NETFLIX
LIVE!
ON LOCATION
DIRECTV

ئەمەریکا، گرنگترینیان:
پەیماننامەی (کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامە ئەمەریکییەکان)ی ساڵی ٣٢٩١، لە ٦٢٩١ پەیماننامەی (کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی پیشەزان لە ئەمەریکا) پەیدا بوو.
دوا بەدوای ئەمە لە دەوڵەتەکانی ئەوروپادا پەیماننامەی ئاکاری دەرکەوت، دەسپێکی نەوەی یەکەمی پەیماننامەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم رێگا چارەبوون بۆ گیروگرفتەکانی لەم ماوەیە دەرکەوتبوون، واتە بۆ ماوەی دواتر سوودبەخش نەبوون، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چەندان گیروگرفتی نوێ سەریانهەڵدا وەك چڕبوونەوەو گلدانەوەی کاری رۆژنامەنووسی و چەندان گیروگرفتی ئاکاری بەدوای خۆیدا هێنا، پەیماننامەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تا رادەیەکی زۆر بایەخی بە بنەما گشتییەکان دەدا.
لە حەفتاکان نەوەی دووەمی پەیماننامەکان دەرکەوتن، تیایدا بایەخدان بە ئاکاری رۆژنامەنووسی زیاتر بوو، لەبەرئەمە هەندێ لە هاوبەندییە پیشەییە ئەمەریکییەکان، پەیماننامەکانیان نۆژەنکردنەوە، کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی پیشەزانی، لەساڵی ٣٧٩١ پەیماننامەیەکی نوێی پەسەند کرد، بەهەمان شێوە کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامە ئەمەریکییەکان

پەیماننامەکانیان نوێکردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا رۆژنامەنووسە ئەمەریکییەکان نەگەیشتنە کۆڕایەك سەبارەت بە بابەتی ئاکاری راگەیاندن، بەهەمان شێوە لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا لە زۆر دەوڵەتاندا بیرۆکەی پەیماننامەی ئاکار بڵاوبۆوە.

ئەم نەوەی دووەمەی پەیماننامەکانیش نەیتوانی رووبەڕووی زۆر لە گیروگرفتە ئاکارییەکان ببێتەوە کە لە ئاکامی هاوڕکێی توندی نێوان رۆژنامەو ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن پەیدابوو، هاوکات بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و هۆکاری دیکە بوون بەهۆی زێدەبوونی گیروگرفتی ئاکاری راگەیاندن لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم نەوەیەکی دیکەی پەیماننامەی ئاکاری دەرکەوتن.

چ لایەنێك پەیماننامە ئاکارییەکان دادەڕێژێت؟

دیدو بۆچوونێك هەیە دەڵێت پێویستە رۆژنامەنووسان پەیماننامەی ئاکاری بۆ خۆیان دابنێن بێ هیچ دەستوەردانی دەرەکی، بۆ ئەوەی بتوانن پێی پابەندبن و ویژدانی ئەوان دەربڕێت، بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانیان دەستنیشان بکات و چارەی بکات واتە دەبێ بەکردەوە هەڵقوڵاوی ژیانی رۆژنامەنووسان بێت.

کەواتە رۆژنامەنووسانی خۆیان باشتر دەتوانن بنەما ئاکارییەکان دابڕێژن کە لە کاری رۆژنامەنووسییەوە هەڵدەقوڵێت بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسان دەسنیشان بکات، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم

پەیماننامەیە بڕیارەکانی ڕۆژنامەنووسان ئاڕاستە بکات کە ڕۆژنامەنووسان لە کارەکانیاندا دەیدەن.

دیدێکی دیکە هەیە دەڵێت ئەکادیمییەکان و خەڵك دەبێ ڕۆڵیان لە داڕشتنی پەیماننامە ئاکارییەکاندا هەبێت

لەبەرئەوەی:

- خەڵك لە بوونی ئەم پەیماننامە ئاکارییە سوودمەندی یەکەمن، تیایدا مافەکانی خەڵك لە دوو توێی بنەما ئاکارییەکاندا دەسنیشان دەکرێت کە کاری ڕۆژنامەنووسان ئاڕاستە دەکات.

کەواتە خەڵك دەبێ ڕۆڵیان هەبێت لە داڕشتنی ئەم بنەما ئاکارییانە، ئەوەش پێویست دەکات خەڵك وشیار بن لەبارەی بنەما ئاکارییەکان، هەر ئەم بنەمایەش وادەکات پەیوەندییەکی هاوسەنگ و دروست هەبێت (دروست بێت) لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خەڵك. ئەمەشیان بە لەبەرچاوگرتنی ئاکاری کۆمەڵگەیی لەکاتی داڕشتنی ئاکاری پیشەییدا.

- بەگوێرەی ئەکادیمییەکان دیدو بۆچوونێك هەیە دەڵێت دەبێ ڕۆڵیان هەبێت لە داڕشتنی بنەما ئاکارییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەبەرئەوەی ئەم بنەمایانە پەیوەستن بە ڕەفتاری مرۆیی و چی دروستە یا هەڵەیە لەم ڕەفتارەدا، کە پێویستی بە بنەڕەتی تیۆری هۆشپەسندانە هەیە، یا پشت بە تیۆری زانستی ببەستێت و لە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە هەڵێنجرا بێت.

لە هەمان کات پێویستە پشت بەم لێکۆڵینەوانە ببەستێت کە لە بارەی بەها

کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکانی کە کۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە، هاوکات لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە پەیوەندی میدیاو کۆمەڵگە.
لە هەمانکات ئەم بنەما ئاکارییانە پێویستە لە زانکۆکان بخوێندرێن و وتاری ئاکاری میدیاش بکرێتەوەو گفتوگۆو گەنگەشەی ئاکارەکانی پیشەیی بکرێت.
کەواتە رۆڵی ئەکادیمییەکان و خەڵك پەیماننامەی ئاکاری رۆژنامەنووس (راگەیێنکاران) دەوڵەمەند دەکات.



چۆن پەیماننامە ئاكارییەكان دادەڕێژرێن؟

- شێوەی یەكەم: پەیماننامەكە كۆمەڵێك بنەمای نموونەیی تێدا بێت كە كۆمەڵە پیشەییەكە هەوڵی هێنانەدیان بدات.

ئەمەشیان ناساندنی كۆمەڵە پیشەییەكەیە بە كۆمەڵ و ناساندنی ئامانجەكانی، وەك ڕاگەیاندنی بنەماكانی وایە، هیچ سزای تێدا نییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی سەرپێچیكار.

- شێوەی دووەم: پشت بە كۆمەڵە پێوەرو بڕیارێك دەبەستێت كە پێویستە ڕاگەیێنكار بەدی بێنێت.

وردەكاری زیاترەو ڕێنوێنی بۆ ڕاگەیێنكاران لە كارەكەیانداو لە بڕیاردانداتێدایە.

زۆرینەی پەیماننامەكان هەردوو شێوە كۆدەكەنەوە، بۆ نموونە:

١- بە كۆمەڵەیەك بنەمای نموونەیی دەسپێدەكات كە كۆمەڵە پیشەییەكە هەوڵی هێنانەدی دەدات.

٢- بەهاكانی كە پێوەرو بڕیاردانی لەسەر دامەزراوە، وەك ئامرازێكی فێركاری بۆ ڕاگەیێنكاران، بۆ یارمەتیدان لە چارەكردنی گیرو گرفتەكانی ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

٣- دیاركردنی ئەم پێوەرانەی پێویستە ڕۆژنامەنووس پەیڕەویان بكات.

٤- دووركەوتنەوە لە لیستكاری قەدەغەكراوەكانی دوورن لە واقیع بۆ كاری ڕۆژنامەنووسی تەنیا (ئەمە مەكە) بەس نییە، بەڵكو پێویستە (ئەمە

بکە)شی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارەتی بکات بەرانبەر پیشەو خەڵکەکە.

## کاریگەری پەیماننامە ئاکارییەکان لەسەر رەفتاری رۆژنامەنووسان

زۆربەی رۆژنامەنووسان لەو باوەڕەدان پەیماننامە ئاکارییەکان پێویستن بۆ کاری رۆژنامەنووسی وەك سەرچاوەیەك بۆ چارەکردنی ئەو گیروگرفتە ئاکارییانەی دێنە پێش کاری رۆژنامەنووس.

سەرەڕای ئەمەش پەیماننامە ئاکارییەکان کاریگەریان لەسەر کاری رۆژنامەنووسیدا هەیەو پشتگیری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسی دەکەن، هەروەها دەبنە پێوەرێك بۆ پابەندبوون بەرانبەر پرسە ئاکارییەکان.

لەهەمانکات پێویستە پەیماننامەکان کاریگەریان هەبێت لەسەر بڕیارەکانی بڵاوکردنەوە، کاری رۆژنامەنووسی، ببنە بنچینەیەك بۆ رۆشنبیرییەکی ئاکاری رۆژنامەنووسی.

ئەوەشیان دەشێ لە رێگەی یاداشتە تایبەتییەکانی سەرنووسەر بۆ رۆژنامەنووسانی دەزگاکەی بێت یا سیمینارەکانی کە لە نێو دەزگا رۆژنامەنووسییەکاندا دەکرێت بۆ کێشە ئاکارییەکان دروست بێت.

هەموو ئەم ئامرازانە سوودبەخشە بۆ پەرەدان بە ئاکاری راگەیاندن و گەشەسەندنی، هاوکات پێکهێنانی رۆشنبیرییەکی ئاکاری لەنێو دەزگا

**راگەیاندنەکان لە پاڵ پەیماننامە ئاکارییەکاندا،**
**کە زەمینە خۆشکەرە بۆ کاری راگەیاندن، کەواتە لە تەك پێویستی بۆ پەیماننامە ئاکارییەکان، پێویستی بۆ رۆشنبیریی گشتیی ئاکاری لە ئارادایە لە نێو دەزگا راگەیاندنەکان.**
**ئایا بنەمای ئاکاریی جیهانی هەیە کەوا راگەیێنکارانی جیهانی پێیەوە پابەند بن؟ ئایا بنەما گەلێك هەن بەرپرسیاریەتی مرۆیی ئامرازەکانی راگەیاندن پێکبێنن؟ ئایا پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەم بنەمایانەیان تێدایە؟**


Mass media
GIUNTI

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی
یونیسکۆ هەر لە نیوەی دووەمی حەوتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ لە هەوڵدایە بۆ ڕۆنانی پەیماننامەی ئاکاریی جیهانی بۆ میدیاکان، زۆر دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی پشتگیری ئەم کارەیان کردوو زۆر لە دەوڵەتان هاتنە دەنگ.
لەم چوارچێوەیەدا یونیسکۆ بنەما بنچینەییەکانی ڕاگەیاند، بۆ هاوبەشی میدیا لە پشتگیری کردن لە ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتان و مافی مرۆڤ و ڕووبەڕووبوونەوەی نەژادپەرستی و بانگەشەی جەنگ لە کۆنگرەی یونیسکۆ لە ساڵی ٧٨٩١ لە پاریس ڕاگەیاند.
هەر لەم چوارچێوەیەدا بنەما نێودەوڵەتییەکانی ئاکاری پیشەیی ڕاگەیاندن دەرچوو، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و هەرێمیەکان لە سەرتاسەری جیهان پەسندیان کرد کە لە (٠٢)ی نوڤێمبەر ٣٨٩١ وەك بنەما نێودەوڵەتییەکان ڕاگەیەندرا.
ئەمەش لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی (٣) ڕێکخراوی پیشەیی نێودەوڵەتی
- فیدڕاسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IOJ)، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەمەریکای لاتینی، یەکێتی کارگەران لە ڕۆژنامەگەری لە ئەمەریکای لاتینی، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەفەریقی، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئاسیایی.

ئەم رێکخراوە پیشەییە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی لە (٠٢)ی نۆڤێمبەر ٣٨٩١ بنەما نێودەوڵەتییەکانی پیشەییان راگەیاند، ئەم بنەمایانەیان بە بنچینەی پەیماننامە هەرێمییەکان دانا و لەسەر ئاستی دەوڵەتان دانی پێنرا.

دواتر لە ٦٨٩١ یەکێتی دەولی رۆژنامەنووسان پەیماننامەی ئاکاری دەرکرد، هەروەها یەکێتی دەولی بنووسیارانی رۆژنامەکان پەیماننامەیەکیان لە ١٨٩١ دەرکرد، بەڵام بەگشتی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا ئەم رووکارەی پەسند نەدەکرد، بەبۆچوونی ئەو ئەم پەیماننامانە رۆژنامەنووس رادەکێشێتە بواری سیاسەتی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیای سیاسی و رۆژنامەنووس دووردەکاتەوە لە بابەتیانە و بێلایەنی بوون.

لە ئاکامی جیهانگەراییداو زاڵبوونی ئەمەریکا، بنەما نێونەتەوەییەکان کزبوون بەرەو ئەم رادەچێت کەوا پەیماننامە ئاکارییەکان لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەدا کاریگەرە، کە بەرهەمی هێناوەو ئاکاری رۆشنبیری لە ئارادایە واتە ئەو بنەما ئاکارییانەی لە رۆشنبیرییەکی دیاریکراودا وەردەگرێت و تایبەتمەندی ئەم رۆشنبیرییە لە بەرچاو دەگرێت.

لە ئاکامی شیکردنەوەو لێکدانەوەو راڤەی ٢٦ پەیماننامەی چەندان بنەما ئاکاری هاوبەش هەبوون لەم پەیماننامانەدا لە پەیماننامە ئاکارییە نێونەتەوەییەکاندا هاوبەشن کە ئەم (٥١) بنەمایەن:

بەرپرسیارییەتی مرۆیی میدیاکان:

١- پشگیری ئاشتی و لە یەکگەیشتنی نێودەوڵەتان.

٢- بانگەوازنەدان بۆ جەنگ و رەواپێشاندانی.

٣- رێزگرتن لە فرە جۆری رۆشنبیرییەکان و رێزگرتن لە خۆیەتی رۆشنبیری گەلە جیاجیاکان.

٤- رێزگرتن لە شکۆمەندی دەوڵەت و گەل و تاکە کەسان.

٥- دژی جیاکاریی نەژادی وەستان.

٦- بەرهەڵستی هەژاری و بەدخۆراکی و نەخۆشی.

٧- رێزگرتن لە مافی گەلان لە تێکۆشانی دژی داگیرکاری.

٨- رێزگرتن لەسەروەری دەوڵەتان و سەربەخۆییان.

٩- بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

٠١- کارکردن بۆ هێنانەدی یەکسانی.

١١- رێزگرتن لە هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لەلایەن گەلانەوە.

٢١- هاندانی دەربازی ئازادیی زانینەکان.

٣١- راستکردنەوەی پشێوی لە رەوشی دەربازبوونی زانیاری نێوان باکوور و باشوور و هێنانەدی هاوسەنگی لە رەوشەکە.

٤١- رێزگرتن لە مافی دەوڵەت و گەل و کەسان لە پەیوەندییەکان.

٥١- هاوکاری میدیا لە پێکهێنانی سیستەمی نوێی ئابووری جیهانی.

١- پشگیری ئاشتی و لە یەکگەیشتنی نێودەوڵەتی

ئەم بنەمایە لە (٥) پەیماننامەدا دەرکەوت، لە کۆی (٢٦) پەیماننامەدا.
دوو لەوانە نێودەوڵەتی بوون و سێیان پەیماننامەی ئەورووپی، لە پەیماننامەی ئەمەریکی و کەندی و ئەمەریکای خواروو و ئاسیا و ئەفەرقیاو دەوڵەتە عەرەبییەکان یان ئوستڕالیا دەرنەکەوتن.
راگەیاندنی بنەما بنچینەییەکانی یونیسکۆ ساڵی ٨٧٩١ دەڵێت: میدیا رۆڵی بنچینەیی هەیە لە پشتگیری لە ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتان (مادەی ١)، ئازادی دەربڕین و راو زانیاری هۆکاری ژیوەرین بۆ پتەوکردنی ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی (مادەی٢).
٢- قەدەغەکردنی بانگەواز بۆ جەنگ یا رەوا پێشاندانی: بەهەمان شێوەی بنەمای پێشوو (٥) جار لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان هاتووە.
بنەماکانی بنچینەیی هاوبەشی کردنی میدیا لە پشتگیری لە ئاشتی و لێکتێگەیشتنی ساڵی ٨٧٩١ ئاماژەی بە رۆڵی میدیا کردووە لە رووبەڕووبوونەوەی بانگەوازکردن بۆ جەنگ بۆ ئەو مەبەستە دەڵێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی جەنگی داگیرکارانە (جەنگی دوژمنکارانە Aggressive War) ببینەوە کە بەرانبەریی چەمکێکی دیکەی جەنگ دێت کە جەنگی بەرگرییە یان جەنگی دادپەروەرانە (Justwar) پێویستە زانیاری لە بارەی ئامانجی گەلان و خواست و رۆشنبیری و پێداویستییەکانیان بڵاوبکاتەوە.
٣- رێزگرتن لە فرە جۆریی رۆشنبیری و خودییێتی رۆشنبیریی نەتەوە

جیاجیاکان.

ئەم بنەمایە لە (٤) پەیماننامەدا هاتووە دووی نێودەوڵەتی و دووی ئەورووپی.

لە ڕاگەیاندنی بنەما بنچینەییەکانی یونیسکۆ ٨٧٩١ داهاتووە کە پێویستە ڕێز لە فرە جۆری ڕۆشنبیرییەکان بگیرێت کە کولتوورێکی گشتی مرۆیی پێکدێنن و پێویستە ئاڵوگۆڕی دوانەو فرە لایەنی بۆ دەربازبوونی زانیاری لە نێوان دەوڵەتان دروست بێت.

هەروەها بنەما نێودەوڵەتییەکانی پیشەیی کە ڕێکخراوە نێودەڵەتی و هەرێمییەکانی ڕۆژنامەنووسان ساڵی ٣٨٩١ دەریکردوو، ئاماژە بە پێویستی ڕێزگرتن لە کەسایەتی دیارو بەرچاوی هەموو ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی بگیرێت و ڕێز لە شکۆمەندی و بەهاکانی بگیرێت.

٤- ڕێزگرتن لە شکۆمەندی دەوڵەت و گەل و تاکە کەسان.

ئەم بنەمایە تەنیا لە دوو پەیماننامەدا هاتوون، لە ڕاگەیێننامەی یونیسکۆ ٨٧٩١ و بنەما نێودەوڵەتییەکان ٣٨٩١دا هاتوون.

تیایدا ڕێزگرتن لە شکۆمەندی و سەرفرازی هەموو نەتەوەو گەل و تاکە کەسان باسکراوە.

ڕێزگرتن لە سەرفرازیی مرۆیی بەشێکی سەرەکییە لە پێوەرە پیشەییە ڕۆژنامەنووسییەکان.

ئاشکرایە بەبێ ڕێزگرتن لەسەرفرازی مرۆیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و

نەتەوەو تاکەکەسان بەرپرسایەتی مرۆیی میدیا وندایە.

شکۆمەندیی مرۆڤ بنەمایەکی مەزنە چەندان مافی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، وەك: رێزگرتن لە پارێزبەندی جەستەو هۆش و کەسایەتی و ناوبانگ، مافی لە هەڵبژاردن، ماڵ و خاوەندارییەتییەکەی..هتد. رێزگرتن لە شکۆمەندیی مرۆیی گەلان واتە رێزگرتن لە زمان و رۆشنبیری و کولتوورو مێژوو کەسایەتی و بیرو باوەڕەکانی.. هتد.

٤٥


twitter
flickr
You
OnStar
NETFLIX
LIVE!
ON LOCATION


WORLD WIDE BRAIN

## بنەماکانی بەرپرسیاریەتی مرۆیی راگەیاندن

### پێنجەم: بەرهەڵستیی جیاکاریی نژادی

ئەم بنەمایە لە نێو (٦٢) پەیماننامەدا لە (٣٩)پەیماننامەدا هاتووە. (٤)
پەیماننامەی نێودەوڵەتی: دوویان لە ئەمەریکاو کەنەدا، یەك لە ئەمەریکای خواروو، (٠٢) لە ئەورووپا- (٥) لە ئاسیا، (٥) لە ئەفەریقیا، (٢)ی عەرەبی، یەك لە ئوسترالیا.

واتە رێژەی بایەخدان بەم بنەمایە بەبەراورد بە بنەماکانی دیکە زۆر لە پێشە، لەبەرچی؟

یەکەم: لەبەرئەوەی جیاکاریی نژادی کردارێکی نامرۆییانەو نائاکاریانەیەو دژی مرۆییێت مرۆڤ و سەرفرازییەتی.

دووەم: بۆ چارەکردنی گیروگرفتێك کە کۆمەڵگە ئەورووپییەکان رووبەڕووی دەبنەوە، لەبەرئەوەی تەنیا وەك کۆمەڵگەی سپیە پیاوەکان نەماون، بەڵکو فرە رەگ و نەتەوەن، لەبەرئەوە ئەم هۆکارە گەر هەبێت نەسازی لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، ئەمەش لە زۆر رووداودا دەرکەوت، وەك: رووداوی لوس ئەنجلوس ساڵی ٢٩٩١ لە ئەمەریکا.

سێیەم: جیاکاری نەژادی هۆکاری داڕمانی زۆر شارستانی بووە وەك، یۆنانی و رۆمانی، کە دەشێ هۆکارێکی رووخانی شارستانی رۆژئاوا بێت لە دوارۆژدا.

چوارەم: لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا، هۆکار بوو بۆ رەوا پێشاندانی

**داگیرکاری لە سەدەی نۆزدەدا، کە دەشێ بەشێوەیەکی دیکە جیهانگەرایی هەمان ئەرك بەجێ بێنێت.**

**پێنجەم: هەرچەندە ئەم بنەمایە گرنگی زۆری پێدراوە، بەڵام هەندێ لە میدیا رۆژئاواییەکان لە راگەیشتنیان بەرووداوە جیهانییەکان خۆ بەزلزانی تیایە بەرانبەر نژادەکانی دیکە، بۆ نموونە بایەخ بە تاکە کەسێکی دەوڵەتەکەی دەدات لە ئەوپەڕی دنیا، بەڵام مەینەتی ملیۆنان کەس لە سەرتاسەری جیهانی پێ ئاساییە.**



**چەمکی جیاکاریی نژادی چییە؟**

**زۆربەی پەیماننامە ئاکارییەکان بەرهەڵستی جیاکاری لەسەر بنچینەی رەنگ یا رەگ یا زمان یا بنجی نەتەوەیی یا ئایین یا رەگەز (نێر و مێ) دەکەن، هاوکات رێزگرتن لە جودابوونی گرووپە جیاجیاکان.**

**لە هەندێ رۆژنامەی ئەمەریکیدا زێدەڕۆیی پێوە دیارە بەوەی بەدوای زاراوەیەك دەگەڕێن ئاماژە بە رەگەز نەکات واتە جۆری کەسەکە نێرە یا مێ، هەندێ زاراوە ( hiserبۆ کوڕو his) بەکاردێنن لە برِی دوو راناوی ( بۆ کچ) نەوەکا هەستی ئافرەتان بڕووشێنن.. her**

**شەشەم: بەرهەڵستی هەژاری و بەدخۆراکی و نەخۆشی:**

**ئەم بنەمایە لە دوو پەیماننامەی نێونەتەوەییدا هاتووە لەو پەیماننامانەی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە. لەگەڵ ئەوەی سێ لە چواری مرۆڤایەتی بەدەست هەژاری و بەدخۆراکی و نەخۆشی دەناڵێنن.. جیهانگەرایی تا رادەیەکی زۆری بە لەبەر چاوگرتنی لایەنە ئەرێنییەکانیش- بەرپرسە لە زێدەبوونی هەژاری و نەخۆشی و بەدخۆراکی لە زۆر لە ولاتانی جیهان. زۆر لەم حاڵەتانە تیشکی راگەیاندنی دەگاتێ، بەلام شێوازی پێڕاگەیشتنەکە چەواشەکاری راگەیاندنی لێدەکەوێتەوە بەهۆی فەرامۆشکردنی زەمینەی رووداوەکان، باگراوندی پێشهاتەکان. سەرەڕای ئەوەی میدیاکان لە رێگەی بلاوکردنەوەی رۆشنبیری تێبردن (الأستهلاك) و ئاشکرانەکردنی گەندەڵی ژیانی سیاسیی و ئابووری، بەرپرسە لەلایەنێکی ئەم حاڵەتە.**

حەوتەم: ڕێزگرتن لە مافی گەلاّن لە تێکۆشان دژی داگیرکاری:

ئەم بنەمایە لە دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتان دەرکەوت. لە پەیماننامەی ئەمەریکی و کەنەدی و ئەورووپی و ئوسترالییەکاندا دەرنەکەوتووە، بەلاّم ئەوەی جێی سەرسوڕمانەو سروشتی نییە لە پەیماننامەکانی دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقیاو عەرەبیدا دەرنەکەوتووە.

ڕاگەیاندنی بنەما بنچینەییەکانی هاوبەشی ڕاگەیاندن لە پشتگیری لە ئاشتی و لە یەکگەیشتی نێونەتەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتنێك بوو، تیایدا هاتووە ڕاگەیاندن لە هەموو جیهان بە پشتبەستن بە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ.

پێویستە مافی ئازادی و ڕادەربڕین بدرێتە گەلە چەوساوەو بندەستەکان لە تێکۆشان دژی داگیرکاری و داگیرکاریی نوێ.

تیایدا سێ جۆر داگیری دیارکرابوو، داگیرکاری کلاّسیکی- سەربازی و داگیرکاری نوێ واتە زاڵبوونی ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پاشکۆکاری بە هەموو شێوەکانییەوە دواتر داگیرکاریی ولاّتە بیانییە زلهێزەکان.

هەشتەم: ڕێزگرتن لە سەروەری دەوڵەتان و سەربەخۆییان

ئەم بنەمایە لە سێ پەیماننامەدا هاتووە، دوویان ئەورووپی و یەکێکیان عەرەبی، کە پەیماننامەی شکۆمەندی (شەرەف)ی ڕاگەیاندنی عەرەبییە کە کۆکاری عەرەبی ساڵی ٨٧٩١ دەریکردبوو.

نۆیەم: بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ:

ئەم بنەمایە لە پازدە پەیماننامەدا هاتبوو لە نێو (٢٦) پەیماننامەدا کە بەر لێکۆڵینەبوون. ئەم بنەمایە پلەی دووەمی هەبوو لە بایەخدان لە بنەما مرۆییەکانی راگەیاندن، بە پلە دوو هات دوای بەرهەڵستیکردنی جیاکاریی نژادی.

زۆربەی پەیماننامەکان بەگشتی ئاماژەیان بە مافەکانی مرۆڤ کردبوو، کەچی دەبوایە بەلایەنی کەم، بایەخ بە دیارکردنی مافەکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردن و مافی دەردست خستنی زانیاری ئاماژەی بۆ بکرابوایە.

هیرمان و چومسکی ئاماژە بەوە دەدەن کەوا میدیای رۆژئاوایی بەگشتی و ئەمەریکی بەتایبەتی بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن لەو دەوڵەتانەی ئەمەریکا وەك دوژمنی خۆی پۆلێنیان دەکات، وەك کوباو کۆریای باکوور و چین و ئێران و لیبیاو..هتد واتە میدیای ئەمەریکی ئەم بنەمایە وەك کارتێکی هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەکاردێنێت.

دەیەم: کارکردن بۆ هێنانەدی یەکسانی:

ئەم بنەمایە لە یەك پەیماننامەی نێونەتەوەییدا هاتبوو، کە راگەیاندنی بنەما بنچینەییەکان هاوبەشی کردنی میدیایە لە پشتگیری لە ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نێونەتەوەیی کە یونیسکۆ لە ٨٧٩١ دەریکردووە.

تیایدا هاتووە میدیا پێویستە رۆڵێکی کاریگەر ببینێت بۆ هێنانەدی یەکسانی لە ماف لە نێوان مرۆڤ و گەلان.

**یازدەم: ڕێزگرتن لە مافی گەلان لە هەڵبژاردنی سیستمیی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییان:**

**ئەم بنەمایە لە سێ پەیماننامەدا دەرکەوت بێگومان ئەم بنەمایە ڕوانگەی ڕوانینە سەربەخۆیی پەرە پێدەدات، لەسەربەخۆیی سیاسیی قەتیسی ناکات، بەڵکو هەڵبژاردنی ئازادانەی نموونەی ژیان دەگرێتەوە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و ڕۆشنبیری سەروکانی ئەم ژیانەن.**


MASS - MEDIA

دوازدەم: هاندانی دەربازبوونی ئازادانەی زانیاری:

ئەم بنەمایە لە شەش پەیماننامەدا هاتووە لە نێو ٢٦ پەیماننامەی بەر لێکۆڵینەوەکە، پلەی سێیەمی بەرکەوتووە لە بنەما مرۆییەکانی پەیماننامەکاندا.

ئەم بنەمایە تەوەرەی گفتوگۆکان بوو لە کۆتایی حەوتاکانی سەدەی رابردوو لە چوارچێوەی یونیسکۆ لە ئارادابوو سەبارەت بە سیستمی راگەیاندنی نێودەوڵەتان.

لەم میانەدا رەخنە لە دەربازبوونی یەك لایەنەی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان گیرا و لە ئاکامدا ئەمەریکاو بەریتانیا لە یونیسکۆ دەرچوون.

بێگومان نەبوونی ئازادی لە دەربازبوونی راگەیاندن و زانیاری- بە ئەزموون- بەرچاوە لەم رۆژگارەماندا و دەیان بەڵگەی زانستی لەسەرە، ئەمەریکاو ولاتە دەوڵەمەندەکانی باکوور کارسازیی راگەیاندن و زانیاری جیهانیان کۆنترۆڵ کردووە، دەستیان بەسەر دەربازبوونی زانیاری و راگەیاندن گرتووە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەم خالانە رەچاو بکرێن:

١- دەربازبوونی راگەیاندن و زانیاری رەها بکرێت و لە گلدانەوە رزگار بکرێت، چی لە بن دەستی دەوڵەتان یا کۆمپانیا فرە رەگەزەکاندابێت.

٢- دەرفەتی گەشەسەندنی فرەیی و چەند جۆری لە میدیاو رووکاری هزری و سیاسیی و ناوەڕۆکدا بێتە دی.

٣- بنیاتنانی کارسازیی راگەیاندنی سەربەخۆ.

٤- مافی هاوولاتی له گەیاندن و دەسکەوتنی زانیاری دابین بکرێت.
٥- بنیاتنانی سیستەمێکی ئاکاریی مرۆیی میدیاکان پابەندن پێیەوە.
دوازدەم: پارسەنگ کردنەوەی ناتەواوی لە دەربازبوونی زانیاری لە نێوان باکوورو باشوورو هاوسەنگ کردنەوەی.
ئەم بنەمایە لە سێ پەیماننامەدا دەرکەوت کە تیایدا گرنگی هاوسەنگ کردنی بلاوکردنەوەیی زانیاری و بە دیموکراسیکردنی راگەیاندن و گەیاندن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانی درا.
سێزدەم: رێزگرتن لە مافی دەوڵەت و گەل و تاکە کەسان لە گەیاندن:
ئەم بنەمایە لە یەك پەیماننامەدا هاتووە، ئەم مافە وەك پێویست پەرەی پێنەدراوە، کەچی چەندان بواری گرنگ دەگرێتەوە:
١- مافی گەلان لە زانیاری دەستخستن لە میدیای سەربەخۆ و فرە لایەن و فرە جۆرەوە.
٢- هاوبەشیکردنی گەل لە دارشتنی سیاسەتی راگەیاندن و دیاریکردنی ناوەرۆکەکەی.
٣- دەرفەت رەخساندن بە یەکسانی و دادپەروەریانە بۆ گەل و تاکە کەسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی خۆواریی و جیهانیی زانیارییەکان.
٤- پەرەپێدانی ئامرازەکانی گەیاندن.
٥- رێزگرتن لە فرە زمان و رۆشنبیریی گەلان و مافیان لە بەکارهێنانی زمانەکانیان.

**چواردەم: هاوکاریی میدیا لە بنیاتنانی سیستمێکی نوێی ئابووریی جیهانی:ئەم بنەمایە لە یەك پەیماننامەدا هاتووە، ئەم بانگەوازە لە نیوەی حەوتاکانی سەدەی رابردوو لە ئارادا بوو، لە ئاکامی رەخنەگرتن لە سیستمی ئابووری نێودەوڵەتان کە دادپەروەرانە بوو، دەبووە هۆی زیاتر هەژارکردنی وڵاتانی خواروو، بەڵام دوای هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت، رەوشێکی ملکەچ بوون بۆ ئازادی بازارو بازرگانی و ئابووری سەرمایەداری سەرجەم جیهانی گرتەوە، کە ئەمەریکا ئاراستەی دەکات.**

**ئەمە پوختەی بابەتەکانی لاپەڕەکانی ١٤٧- ١٨٠ی کتێب (اخلاقيات الاعلام)ی (د. سلێمان ساڵح)ە.**




## بەرپرسیارییەتی میدیا بەرامبەر کۆمەڵگە

ئایا بەرپرسیارییەتی رۆژنامەنووسان بەرامبەر کۆمەڵگە چییە؟ رۆڵی پەیماننامە ئاکارییەکان چییە لە ئاراستەکردنی رۆژنامەنووسان بۆ پابەندبوون بەم بەرپرسیارییەتیە؟ بنەماکانی ئەم بەرپرسیارییەتیە چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاری دیکە، لە کتێبی (اخلاقیات الاعلام)، دکتۆر سلیمان ساڵح لە (٦٢) پەیماننامەی ئاکاریی

راگەیاندنی کۆڵیوەتەوە و لە ئاکامدا گەیشتۆتە ئەم ئامانجانە:

یەکەم: بەرگریکردن لە ئازادییە گشتییەکان.

پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ئازادی راگەیاندن و ئازادی کۆمەڵگە، لە کەشوهەوای ئازادیدا ئازادی راگەیاندن گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت، و پێچەوانەش بە پێچەوانەیە، لەبەر ئەم هۆیە میدیاکان گەر بەرگری لە ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتیان بکەن، کە بەرپرسیارییەتێکی کۆمەڵایەتییە، ئەوا بەرگری لە خۆیان دەکەن، مافی خۆیان دەپارێزن لە کارکردن لە کەشوهەوایەکی ئازاددا کەوا تیایدا بتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت.

هاووڵاتیان گەر ئازادییە گشتییەکانیان دابین نەبێت، ئەوا میدیاکان مژاری گاریگەر و جدیان نابێت بۆ بڵاوکردنەوە، کەواتە بەرگریکردن لە ئازادییە گشتییەکان بنچینەیە بۆ بەرپرسیارییەتی ئامرازەکانی راگەیاندن بەرامبەر کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پەیماننامە ئاکارییەکان پێویستە دەق هەبێت ئاماژە بەم لایەنە بکات، گەر ئامانجمان بێت ئەم لایەنە رێك بخەینەوە.

پابەندبوونی راگەیێنکاران بەم بنەمایە، بنچینەیەکی گرنگە بۆ پەیوەندی میدیا و کۆمەڵگە، راگەیێنکاران دەبێ وا هەست بکەن پاسەوانی و بەرگریکاری ئازادییە گشتییەکانن.

بەمشێوەیە شانازییان بە پیشەکەیان و بەخۆیان زیاتر دەبێت، لە هەمانکات لایەنگری و پشتگیری خەڵك بۆ خۆیان دابین دەکەن، گەر خەڵك هەست

بکەن ئازادی میدیا دەستەبەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئازادییە گشتییەکانیان، لەگەڵ ئەمەشدا بنەمای بەرگریکردن لە ئازادییە گشتییەکانی تەنیا لە چوار پەیماننامەدا هاتووە لە نێو (٦٢) پەیماننامەدا سێیان پەیماننامەی نێونەتەوەیین و یەك پەیماننامەی ئەوروپی، واتە تا ئێستا میدیاکاران لەسەر ئاستی جیهان، نەگەیشتوونەتە قۆناخی گەڵاڵەکردنی بەرپرسیارییەتیەکانیان بەرامبەر کۆمەڵگە و گرنگی پەرەدان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

# ڕێبەری بنەما پیشەییەکانی رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لە کوردستاندا

بۆ هێنانەدی ئاستێکی بەرزی ڕەفتاری پیشەیی رۆژنامەنووسی و راگەیاندن، لەسەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانی، بەلەبەرچاوگرتنی بەڵێننامەی فیدڕاسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤)ی هەموارکراو و پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان و رێبەری پیشەیی میدیاکاران لەسەر ئاستی جیهان. بە پشتبەستن بە باوەڕی تەواومان بە رۆڵ و کاریگەری میدیا لەم قۆناخە ناسکەدا، کە پێشکەوتنی خێرای ئامرازەکانی گەیاندن دەستەبەری کردووە بۆ گەڕان و راگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنیان و بڵاوکردنەوەیان و بۆتە پێشەنگی گۆڕانکاری لەسەرتاسەری جیهان و خاوەن پەیامێکی کاریگەرە لە ژیانی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی رۆژنامەنووسان و راگەیێنکاران یەك خێزانی پیشەیین و سەربەرزییان لە پەیوەستبوونیانە بەهیواو خواست و داواو بەرژەوەندییەکانی خەڵك و پشتگیری لە راستی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. رۆژنامەنووس و راگەیێنکارانی

کوردستان ئەم ڕێبەرە رادەگەیەنن، کە هەڵوێستی ڕاستەقینەیان دەردەبڕێت لە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، لە ئازادی و سەربەخۆیی و سەروەری و پەیڕەوی دیموکراسی، لە هەمانکات بەرگری کردنە لە مافی رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاران لە ئازادیی بەرپرسیارانە، بێ کۆت و بەندو فشار، ئەرك و کارەکەیان بکەن، بە رەچاوکردنی ویژدانی پیشەییان و دەسەڵاتی یاسای دادپەروەرانەو دادوەریی بێلایەنانە. هاوکات بە دانان بە مافی خوێنەرو بینەرو بیسەر، لە کارێکی بابەتیانە، دەسپاکی و راستگۆیی و فرە بۆچوونی تیادا رەنگ بداتەوە، مافی هاووڵاتی دابین بکات لە وەڵامدانەوەی ئەوەی لەمەڕ ژیانی ئەو بڵاودەکرێتەوە. هاوکات میدیاکاری بەکارنەهێندرێت بۆ ناو زڕاندن و تانەو تەشەرو درۆ هەڵبەستن و زیان گەیاندن بە ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسان. ئێمەی رۆژنامەنووس و مێدیاکارانی کوردستان پابەندبوونی خۆمان رادەگەیەنین بەم ڕێبەرەی رەفتاری پیشەیی میدیاکاران و بەڵێن دەدەین رێزی لێبگرین و جێبەجێ بکەین.

## یەکەم: بنەما گشتییەکان:

بەندی یەکەم: بەرپرسیارییەتی:

رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لەسەر دوو ماف دامەزراوە، مافی ئازادی دەربڕین و ئازادی زانین (ئاگاداربوون). واتە پەیوەستە بە چالاکییەکانی پەیوەندار بە زانیاری و رۆشنبیری و پەروەردە، بەلەبەرچاوگرتنی بەها ئایینی و ئاکاری و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی. ئامانج لە کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بۆچوون (را) خزمەتکردنی بەختەوەری خەڵکە، لە رێگەی دابینکردنی زانین و توانابوونی خەڵك لە ئازادانە بڕیاردان سەبارەت کێشە هاودەمییەکان و سەکۆیەك بێت بۆ وتووێژو سەنگێك پەیدا بکات لە کۆمەڵگەدا.

بەندی دووەم: ئازادیی رۆژنامەنووسی و میدیاکاری: ئازادی دەربڕین مەرجی بنچینەیی رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی سەرکەوتووە. وەك دەسکەوتێکی شارستانی بەری و خەباتی درێژخایەنی مرۆڤایەتییە. پێویستە ئازادیی رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاری بەرگری لێبکرێت دژی هەر پێشێلکارییەك لەهەر لایەنێکەوە بێت، گشتی یا تایبەتی.. بەندی سێیەم: سەبارەت جیاکارییەکان :

رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاری دژی بنچینەکانی جیاکاری رەگەزی و نژادی و دەمارگیری هەموو شێوەکانی دیکەی جیاکارییە کە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

دووەم: ماف و پابەندییەکان بەندی یەکەم: راستگۆیی و وردی:
رۆژنامەنووسان و مێدیاکاران پابەند دەبن بە راستگۆیی و وردیی و هەمەلایەنی و دادپەروەرانەبوون لە دارشتن و گەیاندنین پەیامەکانیان، دوور لە دنەدانی خەڵك بۆ توندوتیژی و تانەلێدان و ناو زڕاندن..هتد. وتارو شیکردنەوەو بەدواداچوونەکان و لەبارە نووسییەکان پابەندبن بە بنەماکانی پیشەیی بوون و بەرچاوو دیاربن خوێنەر سنووری هەواڵ و را بەچاکی بزانێت و هەر هەڵەیەك پێویستە راستەوخۆو دادپەروەرانە راستکرێتەوە. بەندی دووەم: بایەخدان بە زمان:
پاراستنی بنچینەکانی زمانی کوردی و دروست بەکارهێنانی پەرەدان بە بەکارهێنانی زاراوە (مصگلح) نوێکان و جێگیربوونیان. لەهەمانکات لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی زمانەکانی دیکە. بەندی سێیەم: پشتگیری کاری سەندیکای و مانەوەی بۆ خزمەتی پەیامی رۆژنامەنووسی و بەرەوپێشبردن.
بەندی چوارەم: پاراستنی شکۆداریی پیشەیی:
هیچ کارو رەفتارێك نەکرێت، زیان بە شکۆداری پیشەیی و رۆژنامەنووسی و

میدیاکاران بگەیەنێت و هەستیان بریندابکات. یا پیشەکەیان بۆ بەرژەوەندی کەس بەکاربێنن.

بەندی پێنجەم: ڕێزگرتن لە مافی خاوەندارییەتی هزری لەکاتی لێوەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری.

بەندی شەشەم: ڕۆژنامەنووسی و مێدیاکاران مافی ئامادەبوونیان هەیە لە کۆبوونەوە گشتییەکان و لایەنی پەیوەندار دەبێت ئاسانکارییان بۆ بکات.

بەندی حەوتەم: نهێنی سەرچاوەکانی هەواڵ پاراستن: ڕۆژنامەنووسی و میدیاکاران پابەند بن بە پەنا نەبردنە بەر شێوازی ناڕەوا نایاسایی بۆ دەسکەوتنی هەواڵ و وێنەو بەڵگەنامەو مژاری میدیایی. سەرچاوەکانی هەواڵەکانیان. - گەر داوایان لێکرا لەلایەن ئەم سەرچاوانەوە- بەنهێنی بپارێزن بەپێی یاسا پەیڕەو کراوەکان. و ئەو بەڵێنانەی میدیاکاران دەیدەن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری پابەندبن پێیانەوەو دەسپاکانە بیانپارێزن. لەبەرئەوەی دڵنیایی و ڕێز لەنێوان مێدیاکاران و خەڵك بنچینەی مانەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسییە.

بەندی هەشتەم: بەرگریکردن لە دۆزی

ئازادی و پرۆسەی دیموکراسی: بەرگریکردن لە ئازادییەکان و پتەوکردنی پرۆسەی دیموکراسی و پشتگیریکردنی مافی هاووڵاتی لە هاوبەشیکردن لەکاروباری وڵات و کێشە هەنووکەییەکان، کە بنچینەی هێزو پەرەسەندنی

کۆمەڵگەیە.

بەندی نۆیەم: رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاران مافی دەستخستنی هەواڵ و زانیارییان هەیە لەسەرچاوەکانیانەوەو مافی وەرگرتنەوەی وەڵامیان هەیە لەوەی دەیپرسێت و داوادەکات لە زانیاری و ئامارو هەواڵ و مافی ئاگاداربوون لە بەڵگەنامەکان.

بەندی دەیەم: رۆژنامەنووسی و راگەیێنکاران بەهۆی بۆچوونەکانیان دووچاری هەڕەشەو مەترسی نەیەن، یا ناچار بکرێن سەرچاوەی هەواڵەکانیان ئاشکرا بکەن و دژی ویژدانی پیشەییان و ویست و خواستیان شت بڵاوبکەنەوە.

سێیەم: رێکاری جێبەجێکردن:

بەندی یەکەم: ئەرکی حکوومەت و دامەزراوەکانی: حکوومەت ئازادی بیرو بۆچوون و رەفتاری پیشەیی میدیاکاران بپارێزێت، ئاسانکارییان بۆ بکات و لایەنە پەیوەندارەکان لە گرنگی و بایەخی کاری رۆژنامەنووسی و مێدیاکاری ئاگاداربکاتەوە.

بەندی دووەم: ئەم رێبەرەی ئاکاری رەفتاری پیشەیی رۆژنامەنووسان و راگەیێنکارانی بەدەستووری کار کارنامەو پلانی کار دادەندرێت لەبەر ئەم هۆیە: ١- هەر سەرپێچییەك، بە پێشێلکاری ئەرکی رۆژنامەنووسی و مێدیاکاری دادەندرێت و بەپێی رێنوێنییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان

**ڕێکاری پێویستی بەرانبەر دەکرێت.**

**٢- ڕێکارەکان: ١- وریاکردنەوە ٢- تاوانانە(غەرامە)**
**٣- ڕێگرتن لەکاری ڕۆژنامەنووسی وراگەیێنکاری بۆ ماوەی (٦) مانگ. ٤- سڕینەوەی ناوی لە لیستی ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران. ٣- ئەم ڕێبەرەی ئاکاریکاری مێدیاکاری دەخرێتە بەردەستی ئەندامانی کاراو نوکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.**

**سەرچاوەکان:**

**بۆنووسینەوەی ئەم ڕێبەرە سوود لەزۆر ڕێبەری پیشەیی دەوڵەتانی دیکە وەرگیراوە، سەرباری کتێبی:**
**(اخلاقیات الصحافه)ی د.سلیمان سالّح، (- د. سلیمان صالح، اخلاقیات الاعلام، گ١، مکتبە الفلاح- الکویت، ٢٠٠٢م.**

# پاشکۆ

## ژیاننامە



محەمەد وەسمان

## ژیاننامە



**محەمەد وەسمان**

**١-ناوی سیانی: محەمەد وەسمان عەزیز**

**٢- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٥٣- هەولێر**

**٣- بڕوانامە: بەکەلۆریۆس لەقانون**

**٤-ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن:**

هەولێر – نووسەران ( ٠٧٥٠٤٦١٦٦٢٨)
٥-بواری کارکردن: نووسەر و رۆژنامەنووس:
سەرنووسەری گۆڤاری داد.
٦-ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی.
٧-ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد.
٨- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
٩- ئەو زمانانەی دەیزانێت بەریزبەندی: کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی.
١٠- ناوی ژمارەیەك لە بەرهەمە بڵاوکراوەکان:

– کتێبەکان:
١- فەلسەفەی سۆفیگەری،٢٠١٣ .
٢- زمانی یاسا،٢٠١٣ .
٣- ئێتیکی میدیا کاری – ٢٠١١.

٤-فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان،چاپی ئەکادیمیای کوردی،٢٠١١
٥- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ،تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە — ٢٠١١ .
٦- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی — بەشی یەکەم — زمان بەرگی یەکەم- هەولێر -٢٠١٠ وەك ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.
٧- ئینگلیزی گشتگیر- بە هاوبەشی ٢٠١٠.
٨- رەخنەودەقی ئەدەبی،٢٠١٠ .
٩-مێژوو و شارستانیەتی کورد — وەرگێران لە عەرەبییەوە ٢٠٠٩.
١٠-رێسا بۆ فێربوونی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی، ٢٠٠٩.
١١- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە — ٢٠٠٨.
١٢- فەلسەفەی دوالیزم — لەهزری د. زکی نەجیب مەحموودا — ن ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٧.
١٣- (ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان)، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.
١٤- هونەری خۆشەویستی — ئێرك فروم — لە عەرەبییەوە ٢٠٠٦.

١٥- رووخساری رووتی ئافرەتی عـەرەب – نـوال سـەعداوی،وەرگێڕان لە عەرببیەوە ٢٠٠٦.

١٦- نوێگەری – کۆمەڵێك وتار – ٢٠٠٥ وەرگێڕان لەعەرەببیەوە.

١٧-رێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، ٢٠٠٥.

١٨- هــزر و سیاســەت، ن ،د. شــێرزاد نــەجار – وەرگێــڕان لــە عەرببیەوە ٢٠٠٥.

١٩- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی ٢٠٠٥.

٢٠- مارکسیزم چۆن کاردەکات – کـریس هارمـان – ٢٠٠٥ وەرگێـڕان لەعەرەببیەوە.

٢١- من گەورەبووم، رێبەری کچان ٢٠٠٥.

٢٢- ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسووفان – ن. رۆزنتال – لە عەرەببیەوە ٢٠٠٤.

٢٣- کەسێتی تاکی عێراقی – د. عەلی وەردی، لە عەرببیەوە ٢٠٠٤.

٢٤- گیروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٤.

٢٥- چەند لاپەڕەیەکی رۆژنامەنووسی، ٢٠٠٤.

٢٦- لە بـارەی رۆشـنبیری سیاسـی، د. شـێرزاد نـەجار لـە عەرببیـەوە ٢٠٠٢.

٢٧- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ – ١٩٩٢.
٢٨- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی – ١٩٩١.

٩- ئـەو شـوێنانەی بابـەتم تیایـدا بڵاوكردۆتـەوە یـان تێـدا كـارم كردووە:
١- رۆژنامەی (هاوكاری)، ژمارە (٥١٣)ی ١١ی شوباتی (١٩٨٠).
٢- گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) – ژمارە (٩٢) ی ئایـاری ١٩٨٢ – وتـار – فەلسەفەی زانستی.لاپەڕە (٢٥).
٣- گۆڤـاری (هـەرێمی كوردسـتان) لـە ١٩٩٥ بـە بـەردەوام كـارم تیـاكردووە، تـا پلـەی سەرنووسـەری .بیبلۆگرافیـایی (هـەرێم) م نووسیوە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند رۆژنامەنووسێكی دیكە.
بیبلۆگرافیـایی (١٠٠) ژمـارەی گۆڤـاری (هـەرێمی كوردسـتان)م نووسیوە.
٤- گۆڤاری (تەندروستی) لە ژمارە (١٩)ی ١٩٩٨ تـا دوا ژمـارەی (٢٠٠٥) وەك زمانەوان، هەڵەچن، ئەندامی دەستەی نووسەران كارم كـردووە، بیبلۆگرافیـایی ١٢ ژمـارە واتـە سـاڵێكی گۆڤـاری (تەندروسـتی) م نووسیوە.

٥- گۆڤاری وەرگێڕان لە ژمارە (١-٣) کارم تێدا کردووە بابەتم تیا بڵاوکردۆتەوە، لە ژمارە ١- ١٩٩٧، ناوی بابەت (ئێتنۆناسۆنالیسمی کورد) نووسینی د. ئەمیر حەسەن پور لە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە، ژمارە (٢) رۆژهەڵات ناسی و ئەتنۆگرافیا، ن. مەجید حەمید عارف، وەرگێڕان لە عەرببییەوە.

٦- گۆڤاری کاروان لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٢ وەك هەڵەچن کارم کردووە، بابەتی زۆرم تیا بڵاوکردۆتەوە.

٧- گۆڤاری (کشتوکاڵ) لە ساڵی ٢٠٠٣ وەك هەڵەچن کارم کردووە.

٨- گۆڤاری (بارش) لە ساڵی ٢٠٠٣ وەك هەڵەچن کارم کردووە.

٩- ١٩٩٤/٧/٣٠ برایەتی — ژمارە ٢٠٠٥ فەرهەنگی زاراوەکانی سوپا.

١٠- ١٩٩٤/١٠/١٦ ئاڵای ئازادی — ژ ١٤٣ ئاستی رۆشنبیری.

١١- ١٩٩٤/٩/٢٧ رێگای کوردستان — ١٢٦ — واتای پێشکەوتن/ وەرگێڕان.

١٢- ١٩٩٥/٩/١٧ ئاڵای ئازادی ژ: (١٨٧) ئەزموونی شیعری وێرن.

١٣- ١٩٩٦/٧/١ ئاڵای ئازادی ژ: (٢١٩) هەڵوەستەیەکی کورت.

١٤- ١٩٩٧/٧/٣ برایەتی — ئەدەب و هونەر — ئەزموونی شیعری نوێ.

١٥- ٢٠٠- کاروان — ژ: (١٤٤) ستوونی رۆژنامەنووسی.

١٦- ٢٠٠١- گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژ: (١٩) گیروگرفتی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا.

١٧- گۆڤاری (هەنگ) — دەیان چیرۆکی منداڵان، دانان و وەرگێڕان.

١٨- گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) — دەیان بابەتی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر — دانان و وەرگێڕان.

١٩-گۆڤاری ( رۆشنبیری یاسایی) بەرێوەبەری نووسین بووم تیایدا وبابەتم تێدابلاۆکردۆتەوە،هەروەها گۆڤاری ( پەلکە زێڕینە) ی منداڵان ،کەلەلایەن رێکخراوی رۆشنبیری یاسایی (کەئەندامم تیایدا)هەردووگۆڤاردەردەچوون، (پەلکە زێڕینە) ئێستاش بەردەوامە .


6
ئەلف وبێی کوردی
بە پیتی لاتینی
ئامادەکردنی
محەمەد وەسمان


محەمەد وەسمان
گیروگرفتەکانی زاراوە دانان
لە زمانی کوردیدا
هەولێر - 2004


Soran
ئینسایکلۆپیدیای
فەیلەسووفان
دانانی لیژنەیەك لە زاناو ئەكادیمیەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو
بەسەرپەرشتی
م. رۆزنتاڵ
ب.یۆدین
Descartes
Voltaire
Socrates
Marx
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
محەمەد وەسمان
٢٠٠٤


نەوال سەعداوی
ڕوخساری
ڕووتی
ئافرەتی عەرەب



ڕێكخراوی بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی

پرۆژەی ( مـــاف ) بۆ بەرهەمە یاساییەكان

ژمـــارە ( ٣ )

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د. شێرزاد ئەحمەد نەجار

# لە بارەی ڕۆشـــنبیریی سیاسی

وەرگێرانی

محەمەد وەسمان

چاپی یەكەم - هەرێمی كوردستان - هەولێر - ٢٠٠٢


بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی
بەشی یەکەم
زمان
بەرگی یەکەم
ئامادەکردنی
لیژنەی بیبلیۆگرافیا
هەولێر ٢٠١٠


نوێگەری
کۆمەڵە وتار
محەمەد وەسمان
لەعەرەبییەوە کردوویە بەکوردی


چەند
لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی
محەمەد وەسمان
کوردستان - ٢٠٠٤



بەرەو :
ڕۆشنبیری هاوچەرخ
ئامادەکردنی
محمد وسمان



ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
چییان بۆ دەکات؟
نووسینی
١٩٩٢


دەروازەیەکی زیندەوەرزانی
ئامادەکردنی :
هەولێر : ١٩٩١


مێژوو و شارستانیەتی کورد
تاريخ وحضارة الكورد
HISTORY AND CIVILIZATION OF THE KURDS
وەرگێڕانی: محەمەد وەسمان
د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی
اسیاسیل
ئەم کتێبە بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیاسێل بۆ گەیاندن بەچاپ گەیەنراوە


كريس هارمان
ماركسيزم چۆن كار دەكات؟
محەمەد وەسمان
كردوويە بە كوردی



د . عەلی وەردی

# کەسێتی تاکی عێراقی

تۆژینەوەیەکە سەبارەت بەباری دەروونی گەلی عێراق

لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵزانی نوێدا

وەرگێڕانی لە عەرەبی یەوە

محمد وەسمان

چاپی یەکەم

٢٠٠٤


هونەری
خۆشەویستی
ئەریك فرۆم
و: محەمەد وەسمان


ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان
CIPE